# ئەحمەدموختار جاف
# (شاعیری نێرگسی چاو و پەرچەمی زوننار)

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

**کورتەی وتار:** ئەحمەدموختار جاف وەک هەر شاعیرێکی دیکەی کورد، لە شیعری نەریتی کوردیدا خەریکە بایەخگەلی هزری و ئەدەبی تایبەت بە چاخی خۆی ئەزموون دەکا و بەو بۆنەیەوە گەلێک پارادایمی گرنگ لەو جەرەیانە شیعرییە بۆ بەردەنگ دەخاتە ڕوو، نیشتمان، ئەوین و دڵداری، ناکامی دەروونی کە ڕاستییەکەی ڕەنگدانەوەیەک لە ناکامی نەتەوەییە، وێکڕا پێک هێنەری ئەدەبیاتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی شاعیرن کە بەردەوام لە گوتە و هزریدا دووپات دەبنەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەم لایەنە ئاماژە پێکراوانە بەرجەستە بکاتەوە و تیشک بخاتە سەر ئەم پارادایمە هزرییانەی کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا وەک شوناس و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا وەک شانازییەکی نەتەوەیی سەیر دەکرێن. **چەمکە کلیلییەکان:** هزر، ئەحمەدموختار جاف، ئێگزیستانسیالیسم، نیشتمان، شیعری کلاسیکی کوردی، زمانی ئاخاوتن.

**سەرەتا:** قوتابخانەی زانستە ئینسانییەکان و لە سەرەوەی هەموویانەوە زانستی ئەدەبیات، بێجگە لە نۆژەنکردنەوەی هزر و هێنانە ئارای نوێخوازی و بنیاد نانەوەی دووبارەی ئەندێشە، لەگەڵ خۆیدا قۆناغگەلی گرنگی فەرهەنگی و مێژووییش دەستنیشان دەکا کە بە تێکڕایی لە سەر بابەتی جۆراوجۆری هونەری و کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی فیکری و ئاستی بەرزی و نزمی گەلەکەی دەوری بنەڕەتی هەیە، هیچ ڕەخنەیەک جیاواز لە وێژە و قوتابخانەی ئەدەبی، بەهرەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نادا و مەبەستێکی شیاو ناپێکێ، بۆیە وێژەی هەر نەتەوەیەک، ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە سەرجەمی خواستە دەروونییەکانیەتی و لە ئاستێکی باڵاتردا کەڵکەڵەیەکی هاوبەشە کە جیاواز لە زمان و فەرهەنگێکی تایبەت، چینی مرۆڤ لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا لێک گرێ دەداتەوە، لە درێژە و تەواوکردنی ئەم واتایەی سەرەوەدا، ئەم بابەتە گرنگایەتی هەیە کە وێژە هەر لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکە کە جەماوەری مرۆڤ لەوێوە زۆرترین کاریگەری لە سەر یەک دادەنێن و بەرچاوترین دانوستان لەگەڵ یەکدا پێک دێنن، لە ئاکامیشدا ئەم دانوستانە دەگاتە

قۆناغی خودئاگایی تاک و هۆشیاری بە کۆمەڵ، بۆیە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و فەلسەفی و هونەری، هەموو کات گرنگیایەتییەکی تایبەتی هەیە و دەسکەوتێکی پڕ بایەخی لێ دەکەوێتەوە، ڕاستییەکەی گرنگیایەتییەکە لەو ڕوانگەیەوە زەق دەبێتەوە کە بوونی سەرجەمی ئەو بەرهەمانە، هەڵوێستێکی هۆشیارانە بە تاک تاکی مرۆڤی کۆمەڵگە دەبەخشێ و یەکێک لە کاریگەرترین ڕێبازە بۆ سازکردنی شوناس و گۆڕانی بنەڕەتی پێکهاتەی هۆشیاری لە نێو کۆمەڵگەدا، دەسپێکی ئەو ئاڵوگۆڕەش بێ گومان لە تاکەوە دەست پێ دەکات و هەر کردەیەکی مرۆڤ ڕەوتێکی مێژوویی هەیە کە لە ڕەوتی نوێخوازی و جیاواز بیری خۆیدا، بەهرەیەکی بەرچاو لە سەر ئاکاری داهاتووی خەڵکی کۆمەڵگە دادەنێ. ئەم ڕەوتەش لە خۆیدا خاوەنی دوو پاژی تەواوکەرە، یەکەمیان فەوتاندن و سڕینەوەی پێکهاتەگەلی کۆن و نەریتییە، دووەمیشیان ساز کردنی پێکهاتەی مۆدێرنە، بە بۆنەی خوڵقاندنی هاوسەنگییەکی نوێ لە جیهانی بەربڵاوی هزردا. (گلدمن، ١٣٨٢: ٨٧).

کەوابوو پاژی هەوەڵ زەروورەتێکی بنەماییە و مرۆڤ پێویستە لە سەرەتادا پێکهاتەگەلی نەریتی بە تەواوی بناسێ و لە هەمان ڕەهەندەوە و هەروەها لە پاش ڕووخان و سڕینەوەی ئەم پێکهاتانە، پێکهاتەی مۆدێرن و تازە بخوڵقێنێ، ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە گشتی و شیعری ئەحمەدموختار جاف بە تایبەتی هەموو کات و لە هەموو قۆناغی پڕ لە تەنگوچەڵەمەی سەرهەڵدان و مسۆگەرکردنی خۆیدا، بەردەوام خەریکی نۆژەنکردنەوەی هزر و لێک هەڵاواردنی بایەخگەلی پڕ و پتەو لە هزرگەلی کلۆر و بێ بەهرە بووە، هەر لە سەردەمێکدا کە زمان و ئەدەبی کوردی کەوتووەتە پەراوێزەوە، سێ لووتکەی مەزن و پێشەنگی شیعر و نووسراوەی کوردی وەک فەقێ تەیران، عەلی حەریری و مەلای جزیری هەڵکەوتوون کە بە شوناسی خۆیان، پارێزگارییان لە زمان و نووسینی کوردی کردووە، مەلای جزیری لەو شاعیرە مەزنانەی وێژەی کوردییە کە سیستەمی کێشی عەرووزی و شکڵی یاسایی سەروای شیعری نەریتی عەرەبی هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە بە تایبەتی شیعر و هۆنراوەی کوردی، تەنانەت بە ناوەرۆکیش گۆڕیویە، یان قوتابخانەی شیعری بابان کە شاعیری وەک نالی، سالم و کوردی تێدا پەروەردە بووە و غەزەلی لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، بە چەشنێکی وەستایانە داسەپاندووە، قوتابخانەی شیعری بابان تا ئەو ڕادەیە کاریگەر بووە کە تەنانەت شاعیری ئەدەبی بەرخۆدانی کوردی (حاجی قادری کۆیی) خۆی لە بازنەی ئەو قوتابخانە بەبایەخەدا دۆزیوەتەوە، پاشان شاعیرانی وەک شێخ ڕەزا و مەحوی هەرکامیان لە جێی خۆیدا، هزری نێو ئەدەبی کلاسیکیان بووژاندووەتەوە و بە تایبەتی مەحوی نێوەرۆکی عیرفانی بە شکڵی غەزەل گوتووە و گەلێک پارادایمی کەم وێنەی لە غەزەلی عیرفانی کوردی بە دەستەوە داوە، لە دواییشدا



**ئەحمەدموختار جاف**

هەر ئەو قوتابخانە کاریگەرە لەلایەن (حەریق)ەوە گوێزراوەتەوە موکریان و لە درێژەی هەمان ڕێچکەدا شاعیری وەک ئەدەب، سەید ڕەشید، عەلی بەگی حەیدەری و سەیفولقوزاتی قازی لە کوردستاندا پێگەیشتوون، ڕۆڵی سەیفولقوزات لەم بارودۆخەدا بە تەواوی بەرجەستە دەبێتەوە و حاشا لەم ڕاستییە ناکرێ کە سەیفولقوزات شۆڕشێکی مەزن لە زماندا وەڕێ دەخات و بە هۆی داماڵین و نیسکەشۆرکردنی زمانی شیعری کوردی لە وشەگەلی نامۆ و بێگانە، قۆناغێکی بە تەواوی کوردانە و خۆماڵییانە و ڕاستییەکەی ستایلێک لە زمانی کوردی ئەزموون دەکات.

خاڵێکی کە شیاوی سەرنجە و جەختی لە سەر دەکەم، ئەوەیە کە جیاواز لە فۆڕم و داهێنانی نوێی شیعری، قوتابخانەی شیعری کێش و سەروادار، یان بە واتایەکی دیکە شیعری عەرووزی، هەمووکات خاوەنی بەهرەی مانایی و نێوەرۆکێکی قووڵ و فرەڕەهەند بووە کە بێجگە لە پارێزگاری لە زمان، بوونی ئەدەب و وێژەی کوردی لە قۆناغگەلی جیاوازدا مسۆگەر کردووە، شیعری ڕابوردووی ئێمە بە تێکەڵێک لە ئەوین، نیشتمانپەروەری، عیرفان، ئایین و بایەخگەلی ئینسانییەوە، ئالاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی بووە و بنچینەیەکی قورس و قایمی لە نەریتی مرۆڤایەتی پێک هێناوە، ئەو هەموو وێنە و ئیماژ و تەکنیکگەلی شیعری و سەنعەتە ئەدەبییانەی کە زایەڵەی دەروونی بەسۆز و بێ ئۆقرەی شاعیرەکەی بوون، ڕاستییەکەی بوونەتە تەواوکەری ئەو نێوەرۆکەی کە لە هزر و ڕۆحی شاعیرەوە هەڵقوڵیون، بەرهەمی شاعیرانی ڕابوردوو خاوەنی زمانێکی پاراو و ڕەسەنی کوردییە کە بێ گومان لە هزرێکی بیرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە کە خودی ئەو هزرەش لە قۆناغی هەوەڵدا بە کوردی بیر دەکاتەوە و پەیڤین و نووسینیشی هەر بە ئەقڵانییەتێکی کوردییە.

**١- ئەحمەدموختار جاف، شاعیری نێرگسی چاو و پەرچەمی زوننار:**

هەر لە دەسپێکی ئەم بابەتەدا پێویستە ئەم ڕاستییە بدرکێنم کە ئەحمەدموختار جاف هاوڕێ لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخیدا وەک شێخ سەلام، فایق بێکەس، گۆران، ئەخۆڵ، مینە جاف، میرزا مارف و...دا بە گشتی لە باری کاریگەری مێژووییەوە زۆرترین بەهرەیان لە قوتابخانەی شیعری بابان وەرگرتووە، هەر لە دابڕان و سکاڵا و ناکامییە دەروونییەکانی شاعیرەوە بگرە تا ئەشق و بەرخۆدان و حەماسە و دادپەروەری لەو ڕەگەزانەن کە بەرە شیعرییەکانی دوای قوتابخانەی بابانیان بە شێوازێکی هاوسەنگ لەگەڵ ئازارەکانی کۆمەڵگە چ لە بواری کەرەستەی زمان و چ لە بواری نێوەرۆکەوە، هەر هاتووە و کامڵتر کردووە.

ئەحمەدموختار جاف خۆی وەک نوێنەرێکی ئەو بەرە ئاماژە پێکراوە کە بە زمان و ستایلێکی ساکارەوە هاتووەتە گۆڕەپانی شیعری کوردییەوە، لەو کەسایەتییانەیە کە هەر لە دەسپێکدا و وەک ژیانی تاکەکەسی خۆی، لە کەشی ڕۆشنبیرانەی بنەماڵەکەیدا پێ دەگات و بە کەرەستەی وێژەوە، بە تایبەتی لە شاری هەڵەبجەدا کە کاتی خۆی بە شاری شاعیران ناسراوە، بە هزرێکی نوێ و کارامەوە دەبێتە بگێڕەوە و ڕەخنەگری بوار و بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕامیاری وڵاتەکەی، ئەو هەروەها گەلێک جار بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی نەریتی سۆفیانە، ئەوینی خۆی دەگەیەنێتە لووتکە و بەو بۆنەیەوە مەبەستی هۆشیارانەی خۆی دەپێکێ. ئەحمەدموختار زۆر لە کەرەستەکانی شیعری کلاسیکی هێناوە، ناو و وێنە و دیمەنی مۆم و پەروانەش دیارە، لە شیعری تەسەووفدا باسی شێخی سەنعان و زوننار و چەلیپا وەردەگرێ و لەگەڵ سۆفیاندا بەرەو کێوی توور دەڕوا و تەجەللای نوور لە ڕووی دولبەردا دەبینێ، بەڵام شارەزایانە وشە و وێنە و

دیمەن تێک دەشکێنێ و سەرلەنوێ وێنەی تازەی شاعیرانەیان لێ دروست دەکات کە هونەری خۆی و دەنگ و ڕەنگ و بۆی خۆییان پێوە دیارە. (موختار جاف، ٢٠١٦: ٣٠).

کەوابوو ئەوینی سۆفیانە لە مەبەستی شاعیرانە و پەیڤ و کەلامی ئەحمەدموختار جافدا، لە مانای ڕواڵەتی خۆی ناترازێ و هاوکات لەگەڵ خۆیدا کاروانێکی لە ویست و ئیرادەی هونەری و ئەدەبی بە دیاری دێنێ کە قۆناغ بە قۆناغ زیاتر زەرفییەتە هزرییەکانی شاعیر، بۆ دەربڕینی مەبەستی قووڵتر و فرە ڕەهەندتر وەدەردەخات.

**٢- نیشتمان ئۆبژەیەکی دەروونیکراو لە شیعری ئەحمەدموختار جافدا:**

نیشتمانخوازی لە شیعری ئەحمەدموختار جافدا بە بیچمێکی مرۆڤانەوە دەست پێدەکات، ئەوەش کاردانەوەی بایەخگەلی ئینسانی هزرێکی هۆشیارە کە بە تەرزێکی ڕاستگۆیانە دەڕوانێتە بارودۆخی زێدەکەی، نیشتمان بە لای شاعیرەوە نیشتمانی تاک، یان گرووپێکی تایبەت نییە، بەڵکو نیشتمانی تاک تاکی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردە، هەر بۆیەش داخوازی شاعیر لە پێناو ئاوەدان کردنەوەی وڵاتدا، بەرانبەر بە جەماوەری خەڵکی کۆمەڵگەیە، نیشتمان لە شیعری شاعیردا ئۆبژەیەکی دەروونیکراوە کە گەلێک جار لە ڕەهەندی ئەوینێکی ئەفلاتوونییەوە سەرچاوە دەگرێت و بە ناکامی و دابڕانەوە کۆتایی پێ دێ، لە جۆری ڕوانگە و ئاخاوتنی شاعیردا بە ڕاشکاوی خۆیایە کە لە بابەتی نیشتماندا، دیالێکتیکی ئینسانی و بۆچوونێکی ئێگزیستانسیالیستانە بە سەر گوتەی شاعیردا زاڵە، بە واتایەکی دیکە بیری نیشتمانی شاعیر، زەمینەی پێکهێنانی ئا ئەم تەعبیرەی سارتەرە کە پێی وایە: مرۆڤ چ نییە، بەدەر لەوەی لە خۆی بە دەستەوەی دەدا. (سارتر، ١٣٨٠: ٢٩).

شاعیر لەم پاژە هونەرییە و لەم بانگێشتنە جەماوەرییەی کە بە تێکڕایی بۆ نیشتمانەکەی دەکات، ڕاستییەکەی ئەوە بانگێشتێکە کە سەرەتا بۆ مرۆڤی نیشتمانەکەی دەکات و هەر لەوێشەوە دەیکاتە زەمینەسازییەکی هزری و کردەوەیی بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات، کەوابوو ئەوەی لە مانیفێستی ئەدەبی و ئامانجی هزریی (ئەحمەدموختار جاف)دا لە پلەی یەکەمی گرنگایەتیدایە، بابەتی مرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردە، شاعیر لە سەرجەمی شیعرە نیشتمانییەکانیدا و هەر لە ئەنجامی ئەو شێوازە ئاخاوتنەدا، بە شوێن ساز کردن و تەیار کردنی فیکری کۆمەڵگەی کوردەوەیە و سەرەتا دەیەوێ مرۆڤ بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە خاوەنی هزرێکی هەڵکشاو و کردەیەکی ئینسانی و ئەمەگ ناسانە بێ، زێدی خۆی بناسێ و ئەویندارى بێ، قەدری سروشت و شاخ و کێوی کوردستان بگرێ، سامانی نەتەوەیی بە گیان و دڵ بپارێزێ و بە فیڕۆی نەدا، لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە بخوێنێ، چونکە خوێندن بۆ «دیفاعی تیغی دوژمن» عەینی «قەڵغان و سوپەرە» و بێجگە لەوەی لە دیلایەتی پەنجەی جەهل ڕزگاری دەکات، وێڕای ئەوەش لە بەرانبەر هێرشی دوژمندا دەیپارێزێ، جا کاتێک مرۆڤ بەو ڕوانگە ئارمانییە گەیشت، ئەوکات کاریگەری لە سەر نیشتمانەکەی دادەنێت و بە بوونی دەسکەوتە هزرییەکانی خۆی، زێدەکەشی ساز دەکات و سەرلەنوێ بناغەیەکی پتەوی بۆ دادەڕێژێتەوە.

**٣- ئاخاوتن بە زمانی خۆماڵی:**

شاعیرێک کە بیر دەکاتەوە، لە حەقیقەتدا خەریکە هاوتەرازی عاتیفی بیرکردنەوەکەی بۆ خەڵکی بەیان دەکات، شاعیرانی وەک دانتی و شکسپیر کە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژووییدا خاوەنی هزر بوون، ڕاستییەکەی ڕاگوێزەری ئەو

هەست و ئیحساسەن کە لە ئەندێشە و ڕەوتی هزری چاخی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە. (شمیسا، ١٣٩٣: ٢٦٣).

ئەوەی کە کاکڵی پەیڤ و نهێنییەکانی دەق بۆ نێو مێشکی بەردەنگ ڕادەگوێزێ، زمانی ئاخاوتنە. تی، ئێس. ئیلیەت لە مەکتەبی ڕەخنەی ئەدەبی خۆیدا دەڵێ: (هەر شاعیرێکی گەورە بە زمانی چاخی خۆی دەدوێ). (شمیسا، ١٣٧٦: ٩٧)، دیارە مەبەست لە خولقاندن و داهێنان لە بەرهەمی ئەدەبیدا، سازکردنی پردێکی پێوەندی و مسۆگەرکردنی پەیڤێکی هاوبەشە کە شاعیر لەگەڵ جەماوەری بەردەنگدا دەیهێنێتە ئاراوە، ئەوەش بە واتای ئیلیەت، بە بێ دۆزینەوە و بەکارهێنانی (زمانی چاخ)، یان (هاوچەرخ) نایەتە بەرهەم، ئەوە هەمان زمانە کە لە پەیڤینی ڕۆژانە و دیالۆگی خۆماڵی نێوان خەڵکی ئاساییدا، لە ئاقارێکی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، زمان بەر لە هەموو شتێک کردەیەکە کە بە بیسەری دەق ڕادەگەیەنێ کە کەسێک خەریکە دەپەیڤێ و هەر بەو پێیە بوونی وەرگر، یان بەردەنگ لە زەرورەتەکانی تیوری زمانە. (تادیە، ١٣٩٠: ٢٢٩)، ڕۆڵ و بوونی زمان تا ئەو ڕادەیە گرنگە کە بواس (١٨٥٨- ١٩٤٢) کەسایەتی مرۆڤناسی ئەمریکی و یەکێک لە پێشڕەوانی مرۆڤناسی مۆدێرن و هەروەها ساپییەر (١٨٨٤- ١٩٣٩) مرۆڤناس و زمانناسی ئەمریکی بە جووتە جەختیان لە سەر ئەو باوەڕە کردووەتەوە کە جیهانی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر، دەستکرد و سازکراوی زمانی ئێمەیە، ئەم ڕوانگەیە لە زانستی فەلسەفەشدا لە لایەن کەسایەتی وەک ژاک دریداوە پشتڕاست کراوەتەوە و ئەو فەیلەسووفە بە ڕاشکاوی ددانی پێدا دەهێنێ کە زمان جیهانی ئێمە دەسازێنێ. وورف (١٨٩٧ - ١٩٤١) زمانناسی ناسراوی ئەمریکی کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری تیورییەکانی ساپییەردا بوو، لە شیکردنەوەی ئا ئەم گریمانەیەدا بەم ئامانجە دەگات کە زمان کەرەستەی دەربڕینی ڕوانگە نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا پێکهێنەری بڕوا و بۆچوونەکانە. (صفوی، ١٣٨٧: ٨٦). زمانی شیعریی ئەحمەدموختار جاف لە چەشنی خۆیدا پێک هێنەری ڕوانگەیەکی نەتەوەییە کە سەرجەمی خولیا و ناکامییەکانی شاعیر لە هەنگاوی هەوڵدا وەک تاک و لە جەغزێکی بەرفراوانتردا وەک کۆ (کە هەمان نەتەوەکەیەتی) بۆ بەردەنگی دەخاتە ڕوو.

شاعیر بە کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانێکی خۆماڵی، خەریکە بوونی خۆی لە ڕەهەندی ڕاوێژییەوە مسۆگەر دەکات، هەر لە بنەڕەتدا و لە لێکۆڵینەوەکانی هایدگەردا ئەوە هەستییە کە لە زماندا خۆیا دەبێ. (پالمر، ١٣٨٢: ١٧٠). کەوابوو بوون و هەستی شاعیر لە جۆری بەکارهێنانی زمانەکەیدایە و سەرجەمی ئەو هەوێنانە (Motif) کە بەردەنگ لە ڕاوێژی شیعریی (ئەحمەدموختار جاف)دا دەیبینێ، ڕاستییەکەی سەلمێنەری بوونی ناکامییە دەروونی و نەتەوەییەکانی شاعیرە، ناکامیی دەروونی شاعیر، قۆناغی هەوڵە و بە ڕاوێژێک لە ئەوینی مەجازی بەکار دەهێنرێ. (شمشێری برۆ)، (دیدەی مەخموور)، (ڕوومەتی گوڵ ڕەنگ)، (زولفەینی سیا)، (قامەتی سەرو)، (نێرگسی چاو)، (پەرچەمی زوننار)، (لێوی لەعل) و...تاد لەو دەستەواژانەن کە هەر جارەی بە شێوازێک لە ئەدەبیاتی ئەحمەدموختار جافدا دووپات دەبنەوە، هەر لە ڕاڤەی ئەم پاژە لە شیعری شاعیردا، ئەوە ویشکە سۆفییە کە گەلێک جار دەکەوێتە بەر تیری تانە و سەرکۆنەی شاعیر و تەنانەت ڕوانگەی شاعیر لەم بەشەشدا کە ئەوینی مەجازییە، لەگەڵ خورافاتی ویشکە سۆفیدا بە هیچ کلۆجێ دانوویان ناکوڵێ، بە واتایەکی دیکە شاعیر خەریکە بە زمانێکی خۆماڵی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە نیزامی تەسەووفدا دروست دەکات، دواتر هەر لە ڕەهەندی ئەو ئەوینە مەجازییەوە،

دەچێتە ناو ئەوینێکی ڕاستەقینەوە کە ئەویش ناکامیی گەلەکەیەتی:

**بێستوون ئێستەش کە وەختێ لالەیی لێ سەوز ئەبێ**

**باسی خوێنی دیدە و داغی دڵی فەرهاد ئەکا**

(موختار جاف، ١٣٩٨:٢٦)

لە پاژی دووەمدا کە ناکامی نەتەوەیی بوو، بێستوون سیمبۆلی زێد و فەرهاد سیمبۆلی ئاشقانی نیشتمانە کە بە خوێنی دیدە و داغی دڵەوە لە پێناوی ئازادی وڵاتدا سەریان ناوەتەوە، کەوابوو لە هەر دوو ناکامیی تاک و کۆی شاعیردا، خولیا بوون و سەوداسەرییەک بوونی هەیە، لەوانەش گرنگتر زمانێکی خۆماڵی و ساکارە کە هەنگاو بە هەنگاو ڕاستی ئەم ناکامییانە بۆ بەردەنگ ڕوون دەکاتەوە.

**ئەنجامی توێژینەوە:** ئەحمەدموختار جاف وەک یەکێک لە نوێنەرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیک، شاعیرێکی ئاشق پیشە و سەوداسەری کوردە کە بە شێوازێکی هونەری و ڕوانینێکی وردبینانەوە دۆخی فەرهەنگی و ئابووری و ڕامیاری نیشتمانی کوردمان بۆ خەسارناسی و ڕوون دەکاتەوە. شیعری شاعیر لە هەنگاوی هەوەڵدا لێوڕێژ لە سۆز و عاتیفەیە، پڕاوپڕ لە وەسفی هونەری و ئاشقانەی دولبەرە و لە یەک ڕستەدا دەکرێ بگوترێ شیعری دابڕان و ناکامییە، چیرۆکی ئەشق و لێقەومان و نامورادییە. شیعرێکە کە دەرد و موسیبەت تێیدا شەپۆل دەدا، شاعیر لەگەڵ ئەوەیدا کە بە هونەری شیعر و هەروەها بە بیری نوێ و پێشکەوتووی خۆیەوە، تیشک دەخاتە سەر ڕووداوگەلی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وڵاتەکەی، لە هەمان حاڵیشدا بە تەواوی خاوەنی زمانێکی ڕەسەن و ساکارە، لە زۆر شوێندا خۆیایە کە وشەگەل و دەستەواژەی عارفانە و تەنانەت ئاشقانە، بۆ مەبەست و بابەتگەلی حەماسی و نەتەوەیی بەکار دەهێنێ و بەو بۆنەیەوە گەلێک تەکنیکی ئەدەبی و ئارایەی هونەری، لە گوتەی شاعیرانەی خۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە.

**ژێدەر:**


– گلدمن، لوسین (١٣٨٢)، نقد تکوینی، ترجمەی محمد تقی غیاثی، مؤسسەی انتشارات نگاه، تهران.

– موختار جاف، ئەحمەد (٢٠١٦)، ئامادە کردن و لێکدانەوە و پێشەکی عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژاری موکریانی، تاران.

– سارتر، ژان پل (١٣٨٠)، اگزستانسیالیسم و اصالت بشر، ترجمەی مصطفی رحیمی، انتشارات نیلوفر، تهران، چاپ دهم.

– شمیسا، سیروس (١٣٩٣)، نقد ادبی، نشر میترا، تهران.

– شمیسا، سیروس (١٣٧٦)، نگاهی به فروغ فرخزاد، نشر مروارید، تهران.

– تادیە، ژان ایو (١٣٩٠)، نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمەی مهشید نونهالی، انتشارات نیلوفر، تهران، چاپ دوم.

– صفوی، کورش (١٣٨٧)، درامدی بر معنی شناسی، شرکت انتشارات سورەی مهر، تهران چاپ سوم.

– پالمر، ریچارد ا (١٣٨٢)، علم هرمنوتیک، ترجمەی محمد سعید حنایی کاشانی، انتشارات هرمس، تهران.

– موختار جاف، ئەحمەد (١٣٩٨)، (شاعیری نێرگسی چاو و پەرچەمی زوننار)، پێشەکی، شەرح و لێکۆڵینەوە: هادی حەبیبی، نەشری ئامیار، سنە.